# ڕۆڵی گۆڤاری هیوا

## لە نووسینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا(1957-1963)

**ID No. 3763**

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.5.10

| هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ | فتاح بهرام خضر |
| --- | --- |
| بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر | |
| hoshang.muhammad@su.edu.krd | fatah.khdir@su.edu.krd |

**وەگــــــرتن :2020/09/20**

**پەسندکردن :2020/11/18**

**بڵاوکردنەوە :**

**پوختە**

گۆڤاری هیوا یەکێکە لە گۆڤارە بایەخدارەکانی بزاڤی ڕۆژنامەوانیی کوردی، کە بە هەوڵ و کۆششی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە شاری بەغدا دەرچووە، هەر ئەندامانی یانەکەش بەڕێوەبەری کارگێڕی و نووسینی گۆڤارەکە بوون، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی تەمووزی ساڵی ١٩٥٧ دا دەرچووە، تاوەکوو شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا (٣٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەش لە چاپخانەکانی شاری بەغدا چاپکراون، لە ماوەی دەرچوونییدا، گۆڤارەکەدا تا دوا ژمارەی ،حافز مستەفا قازی (١٩٢٩-٢٠١٠)، دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی (١٩١١ -٢٠٠٤)، بەڕێوەبەرو بەرپرسی گۆڤارەکە بوون دوای ئەمانەش لەلایەن دەستەی نووسەرانییەوە بەڕێوەبراوە.

(هیوا) گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی بووە، بەڵام لەتەك ئەمەدا، گەلێك بابەتی دیکەی سیاسی و مێژوویی و هەواڵ و چالاکی بڵاوکردۆتەوە. نەك تەنها لە سەر ئاستی بەغدا، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو کوردستاندا، توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بە چاکی بگێڕێت، نووسەران لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق و تەنانەت لە دەرەوەی عێراقییشدا بە بابەتی جیاواز بەشداری گۆڤارەکەیان کردووە. ئەمە وێڕای ئەوەی گۆڤارەکە لە شاری بەغدا و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی عێراقدا بریکاری فرۆشتنی هەبووە.

گۆڤاری هیوا، وەك زمانحاڵی کوردانی نیشتەجێبووی بەغدا وابووە، بەڵگەش بۆ ئەمە گواستنەوەی هەواڵی کار و چالاکی و تەنانەت ڕووداوەکانی شارەکە بووە بۆ خوێنەران، هەندێکجار ئەم چالاکییانە بە پوختی گواستراونەتەوە. لەگەڵ گواستنەوەی هەواڵی سەرجەم بۆنە و ڕێوڕەسمە جیاوازەکانی ئەو سەردەمەی شاری بەغدا، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کاری ڕۆژنامەوانی، کە گۆڤارەکە بەبایەخەوە کاری لەسەر کردووە. هەروەها بایەخی بە ئەدەبی کوردی و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە، بۆیە (هیوا) بە هەموو ئەو خەسڵەتە ڕۆشنبیریی و نەتەوەییانەی لە خۆی گرتبوو، وەک یەکێک لە گۆڤارە گرنگەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی جێگەی خۆی گرتووە.

وشەی کلیل: گۆڤاری هیوا، بەغدا، مێژوو، سیاسی، ڕۆشنبیریی.

### 1. پێشەکی

بۆ ئەوەی هەر گۆڤار یان ڕۆژنامەیەك ببێتە سەرچاوەیەکی بە کەڵك بۆ مێژوو، پێویستە بایەخ بە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بدات، هەروەها بایەخ بە گواستنەوەی ئەو چالاکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانە بدات، کە لە وڵات یان لە شارێکدا، لەلایەن کەسێك یان دەستەیەك، یان دامودەزگایەکی حکوومی یان ڕێکخراو و کۆمەڵەیەك ئەنجامدراون، ئەم زانیارییانەش لە ڕێگەی پەیامنێرانەوە، یان شایەدحاڵەکانەوە، یان لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، دەگاتە گۆڤار، یان ڕۆژنامەکە و پشتڕاست دەکرێتەوە. گۆڤاری هیوا، کە لە نێوان ساڵانی (1957-1963)دا لە شاری بەغدا دەرچووە، ئەگەر بەتەواوی ئەم ئامانجەی نەپێکابێت، بەڵام تا ئەو ڕاددەیەی توانای لەبەردەست بووە، کاری لەسەر کردووە و وێڕای بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی بابەتی مێژوویی، لە نێویشیاندا جەختکردنەوە لە مێژووی کورد، هەوڵیداوە سەرجەم پێشهات و ڕووداوەکانی سەردەمی دەرچوونی، بخاتە سەر لاپەڕەی گۆڤارەکە و خوێنەران لە وردەکارییەکانی ئاگادار بکاتەوە. دواجار ئەوانە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەهادار بۆ نووسینی مێژووی کورد، لەو بوارانەی کاری لەسەر کردووە، بە تایبەت بووارەکانی سیاسی و ڕۆشنبیریی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات، گرنگی ئەم لایەنانەی گۆڤارەکە، وەك سەرچاوەیەك بۆ مێژووی کورد دەربخات و نموونەیەك یان چەند نموونەیەك لەو بارەیەوە بخاتە ڕوو.

باسەکانی نێو ئەم توێژینەوەیە، سەرجەم ئەو وتار و لێکۆڵینەوە و کاروچالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییانەی بە ئامانج گرتووە، کە هەر لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤارەکە، لە ساڵی ١٩٥٧ تا داخستنی گۆڤارەکە لە ساڵی ١٩٦٣ دا، بڵاوکراونەتەوە، لەوەشدا تەنها مێژووی کورد بە ئامانج گیراوە. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازەیەك و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتوون، لە دەروازەدا: پوختەیەکی تایبەت بە گۆڤارەکە، مێژووی دەرچوون و دەستەی بەڕێوەبردن و لایەنی هونەریی لە سەرەتاوە تا وەستانی باسکراوە، هەوڵدراوە پێشینەی دەرچوونی گۆڤارەکە بخرێتە ڕوو، لەم ڕووەوەش ڕۆڵی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە دەرکردنی گۆڤارەکە و بەرەوپێشبردن و خزمەتکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردییدا خراوەتەڕوو . لە تەوەری یەکەمدا: ڕۆڵی گۆڤارەکە لە بایەخدان بە ژیانی کەسایەتی و ناودارانی کورد باسکراوە، بەتایبەت لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، کە گۆڤارەکە لە شێوەی گۆشەیەک هەرجارە و کەسایەتییەکی مێژووی کوردی بەسەرکردۆتەوە. لە تەوەری دووەمدا: باس لە بایەخی گۆڤارەکە بە شاروشارۆچکە و ئاوایییەکانی کوردستان کراوە. لە تەوەری سێیەمدا: تیشک خراوەتە سەر ئەو بابەتانەی کە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردییان بەسەرکردۆتەوە. لە تەوەری چوارەمیشدا: ڕۆڵی گۆڤارەکەی لە تۆمارکردنی کاروچالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردی ئەو قۆناغەی شاری بەغدا خستۆتە ڕوو، کە گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە، واتە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٦٣).

یەکێك لەو سەرچاوانەی زانیارییەکانی نێو ئەم توێژینەوەیان لێ وەرگیراوە، خودی ژمارەکانی گۆڤاری هیوان کە زۆرترین زانیارییان بۆ ئەم توێژینەوەیە، دابین کردووە، لە تەك ئەمەدا چەند سەرچاوەیەك سوودیان لێ وەرگیراوە، کە بەشێك لەمانە باسی گۆڤارەکەیان کردووە، وەك: بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دکتۆر هیمداد حوسێن کە هەر بەناوی (گۆڤاری هیوا)یە و گەلێك زانیاری گرنگی دەربارەی گۆڤارەکە خستۆتە ڕوو، هەروەها کتێبەکەی دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح لە ژێر ناوی مەعرووف جیاووک، کە باسێکی تایبەتی دەربارەی یانەی سەرکەوتنی کوردان، کە ئەوان گۆڤاری هیوایان دەرکردووە، گرتۆتە خۆی.

**٢. دەروازە:**

بەرلەوەی بێینە سەر ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان و ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە نووسینی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و کوردستان ڕوون بکەینەوە، پێویستە تیشکێك بخەینە ناساندنی گۆڤارەکە، دەستەی بەڕێوەبردن، پوختەیەکی مێژووی دەرچوون، شێواز و لایەنی هونەری گۆڤارەکە. هەموو ئەمانەش لەم دوو تەوەرەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

**١.٢. گۆڤاری هیوا:**

گۆڤاری هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستیی مانگانە بوو، یانەی سەرکەوتنی کوردان لە شاری بەغدا دەری کردووە. لە ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی، لە مانگی ئابی ساڵی 1957 دا، تاکو شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی 1958، هەمووی ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی دوای شۆڕش کە ژمارە (یەک)ی ساڵی دووەمییەتی، کەوتۆتە مانگی تەمموزی ساڵی 1958. دوا ژمارەی گۆڤارەکەش لە شوباتی ساڵی 1963 دا بڵاوکراوەتەوە. لەو ماوەیەدا 38 ژمارەی لێدەرچووە، پێوانەکەی (5،14×5،21) سم بووە، ژمارەکانی لە چاپخانەکانی (التمدن، النجاح، الشفیق، النجوم، الوفاء) لەشاری بەغدا چاپ کراوە.

دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤاری هیوا لە ڕۆژی دەرچوونییەوە تا دوا ژمارەی، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هەر لە ژمارە 1 ییەوە تاکو جووت ژمارەی 6-7 ی ساڵی دووەم لە کانوونی دووەمی ساڵی 1959 دا، حافز مستەفا قازی (مودیری مەسئوول)ی گۆڤارەکە بووە. لە ژمارە 8 ساڵی دووەم لە شوباتی ساڵی 1959 دا، دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بۆتە (مودیری مەسئول)، تاکو ژمارە 34 ی ساڵی پێنجەم لە ئەیلوولی 1961 دا بەردەوام بووە. سەبارەت بە چوار ژمارەی کۆتایی گۆڤارەکە، واتە (35 -38) ناوی مودیر مەسئوول، یان سەرنووسەری بەسەرەوە نییە، بەڵام ئەم چوار ژمارەیە، لەلایەن هەریەك لە عەبدولڕەزاق بیمار و کاکە مەم بۆتانی(١) کە ئەوکاتە هەردووکیان لە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە بوون، بەڕێوە براوە (عەبدولڕەزاق بیمار :2013)

جێگەی ئاماژەپێدانە لە ژمارە 33 ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری هیوا دا، لەتەك ناوی مودیری مەسئوول، ناوی لێژنەی سەرپەرشتی گۆڤارەکەش داندراوە، کە هەریەك لە عەلائەددین سوجادی(١٩٠٧-١٩٨٤)، موکەڕەم تاڵەبانی(٢)، ناهیدە سەلام(١٩٢٢-٢٠٠٦) و عەبدولڕەزاق محەمەد بیمار بوون، بەڵام لە ژمارەکانی دواتردا ئەم ناوانە لابراون.

شێوازی گۆڤاری هیوا لە سەرەتادا وابووە کە ژمارەکانی بە پێی ساڵ نوێ بوونەتەوە، واتە لەگەڵ تێپەڕبوونی هەرساڵێکدا ژمارەکانی ڕیزبەندی تازەی وەرگرتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-ساڵی یەکەم: ژمارە 1- 12 لە تەمموزی 1957 تاکو حوزەیرانی 1958.

2- ساڵی دووەم: ژمارە 1-12 لە تەمموزی 1958 تاکو حوزەیران و تەمموزی 1959.

3-ساڵی سێیەم: ژمارە 1-5 لە تشرینی دووەمی 1959 تاکو مایسی 1960.

4- ساڵی چوارەم: لێرەوە چیتر ژمارەکان نوێ نەبۆتەوە، بەڵکو بە پێی ئەو 29 ژمارەیەی کە لە سێ ساڵی یەکەمدا دەرچووە، ڕێزبەندییەکەی تەواو کراوە، بەمەش ئەو بەرگەی گۆڤارەکە کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1960دا دەرچووە، ژمارە 30 ی لەسەر داندراوە و تاکو ژمارە 33 لە ئەیلوولی ساڵی 1961 دا، ساڵی چوارەمی بەسەرەوەیە.
5-ساڵی پێنجەم: هەردوو ژمارە 34 لە ئەیلوولی 1961 و ژمارە 35 لە ئاداری ساڵی 1962، ساڵی پێنجەمی بەسەرەوەیە، ژمارەکانی 36 لە حوزەیران و تەممووزی 1962 و ژمارە (37)ی تشرینی یەکەمی 1962، ئاماژە بەناوی ساڵەکە نەکراوە.
6-ساڵی شەشەم: دوا ژمارەی گۆڤارەکە کە ژمارە 38 ی شوباتی ساڵی 1963 یە، ساڵی شەشەمی بەسەرەوەیە.

گۆڤاری هیوا لە ساڵی یەکەمیدا (تەممووزی 1957-حوزەیرانی 1958)، 12 ژمارەی بە شێوەی مانگانە و بە قەبارەی هاوشێوە لەسەر یەك دەرچووە. بەڵام لە ساڵی دووەمیدا (تەممووزی 1958-تەمووزی 1959) چەند جارێك دواکەوتووە، بۆ ئەم مەبەستەش 4 ژمارەی گۆڤارەکە کە ژمارەکانی ٦ و 7 و ١١ و ١٢ ی ساڵی دووەمە. بە شێوەی جووت ژمارە لە یەك بەرگدا بڵاوکراونەتەوە. لە ساڵەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیشدا وێڕای بەردەوامبوونی جووت ژمارە، جاری وا هەبووە، حەوت مانگ کەوتۆتە نێوانی دەرچوونی دوو ژمارە. بەم پێیەش گۆڤاری هیوا لە کۆی 38 ژمارەیدا، ٣٤ بەرگی لێ بڵاوکراوتەوە.

گۆڤاری هیوا بەتایبەت لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958 ەوە، ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە گوزارشتی نەتەوایەتی و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە دەر نەبووە. هەربۆیە خراوەتە ژێر چاودێری (دەستەی ڕەقابەی وەزارەتی بەرگریی عێراقی)، لە نووسراوێکی دەستەی ڕەقابەدا، کە لە ڕێکەوتی 1961/10/1 دا ئاراستەی (دیوانی سەرۆکایەتی وەزیران)ی کردووە، تیایدا داوای ڕوون کردنەوە دەکات لەسەر ئەوەی کە: "ئایا گۆڤاری (هیوا) مۆڵەتی فەرمی دەرکردنی هەیە، تاکو ئەوەی بیخەنە ژێر چاودێری دەستەکە؟". سەرۆکایەتی وەزیرانییش بە نووسراوێك لە ڕێکەوتی 1961/10/16 دا وەڵامی دەستەکەیان داوەتەوە، بەوەی کە: "گۆڤارەکە مۆڵەتی وەزارەتی ئیرشادی هەیە". هەروەها دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە، دەبووایە دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەك، چەند دانەیەك لە گۆڤارەکەیان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەوانیی لە وەزارەتی ئیرشاد بکردبووایە. هەر کاتێك دانەی گۆڤارەکە نەگەیشتبێتە وەزارەت ئەوا بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری یانەی سەرکەوتن و دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەیان کردۆتەوە (نەجار، ٢٠١٩، ل٢٣٤-٢٣٥).

**٢.٢. یانەی سەرکەوتنی کوردان:**

دوای ئەوەی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە ساڵی1930 دا، بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە و مۆڵەتی وەرگرت، بۆ بارەگای یانە خانووێك لە گەڕەکی عیوازییەی شاری بەغدا بە کرێ گیرا، هەر لەو کاتەوە کەوتە چالاکی نواندن لە بوواری هاوکاری قوتابیانی کورد و کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و بوێژانی کورد و زیندووڕاگرتنی بۆنە و یادەوەرییەکان. وەك لە کارنامەی یانەکەدا هاتووە،کە ئامانجی پێشخستنی زمانی کوردی و دانانی کتێب و پێگەیاندنی کوردی زانان و بڵاوکردنەوەی زانست و کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات و یارمەتیدانی هەژار و بێ نەوایان و نەخۆشان و هەروەها گرنگیدانە بە بەرهەمی خۆماڵی، لەم چوارچێوەیەشدا چەند هەنگاوێکی هاویشت، کە زیاتر خۆی لە هاوکاری قوتابیانی کورد (کە لە شاری بەغدا دەیانخوێند) دەبینییەوە، هەروەها چەند  جۆرە چالاکیەکی دیکەی ئەنجام دەدا وەك بەشداری پرسەی پیاوە ناسراوەکانی کورد و بەرزڕاگرتنی بۆنەکانی وەك یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (د-خ) و ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز و کردنەوەی خولی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی، دانانی لێژنەیەکی تایبەتی بۆ چاپکردنی کتێب و نامیلکەی کوردی، لەم چوارچێوەیەشدا هەردوو کتێبی (باربووی)ی مەعرووف جیاووك (١٨٨١-١٩٥٨) و پەیڕەو و پرۆگرامی یانەی سەرکەوتن لەسەر ئەرکی یانە بە چاپ گەیەندران (ساڵح، ٢٠١٢، ل٢٥٩-٢٨٢). بە هۆی ئەوەی یانەکەش لە هەر جۆرە پێشینە (منحە)یەکی حکوومەت بێبەش بوو، بۆیە زیاتر کارەکانی خۆی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتیدان و هاوکاریی دەستڕۆیشتووانی کوردەوە بەڕێوە دەبرد (نەجار، ٢٠١٩، ل١٠٧).

بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانییەوە، ساڵی 1947 بە فەرمانێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق یانەی سەرکەوتن داخرا و دەست بەسەر کەلوپەلەکانییدا گیرا. بەڵام مەعرووف جیاووکی سەرۆکی یانەکە، بەرامبەر فەرمانەکە کۆڵی نەدا و بارەگای یانەکەی گواستۆتەوە ناو ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی باب ئەلمەعەزەم لە شاری بەغدا و تابلۆی ناونیشانی یانەکەشی لەسەر دەرگای ماڵەکەی خۆی هەڵواسیوە(ساڵح، ٢٠١٢، ل٢٩٩). بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو ساڵی 1955، لەو ساڵەدا جارێکی دیکە لە ڕێگەی هەندێك لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی شاری بەغدای وەك: مەحموود بابان (١٩٢٠-١٩٩٨)، دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی، دکتۆر نووری فتووحی (1907-1982)، ڕەشید عارف (١٩٠٤-١٩٨٢)، محەمەد بریفکانی (١٩١٥-١٩٧٣)، هەوڵی زیندووکردنەوەی یانەکە

درایەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەستکرا بە کۆکردنەوەی پیتاك بۆ یانەکە، تا ساڵی 1956 تواندرا بڕێکی باش پارە کۆبکرێتەوە، دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا مەحموود بابان بە سەرۆکی تازەی یانەکە هەڵبژێردرا و خانووێکیان لە گەڕەکی وەزیرییە بۆ بارەگای یانە بە کرێ گرت و دەستیان بە کار کردەوە (حوسێن، ٢٠١٠، ل٢٠-٢١).

لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 دا، یانەی سەرکەوتن بە گوڕوتینێکی باشتر لە جاران بەردەوامی بە کار و چالاکییەکانیدا، ئەگەر سەیری کار و چالاکییەکانی ئەوکاتەی یانەکە بکەین، ڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت. یەکێك لەو لایەنانەی یانەی سەرکەوتن بایەخی پێداوە، هەڵبژاردنی ناو ناوەی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە بووە. ئەوەش بەو ئامانجە بووە، کە یانەکە لەلایەن کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی زۆر قۆرخ نەکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستاودەست بە ئەندامانی بەڕێوەبردنی یانەکە بکرێت و دەرفەت بۆ خەڵکانی دیکە لە بەڕێوەبردنی یانەکەدا بڕەخسێندرێت و ڕووێکی دیموکراسییانە پیشانی ئەندام و سەردانیکەرانی بدات. هەر بۆیە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 چەند جارێك هەڵبژاردنی یانە ئەنجام دراوە، هەریەك لە حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵیانداوە یانەکە بخەنە ژێر سایەی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی لیستی تایبەتەوە، کاریان بۆ دەرچوواندنی پاڵێوراوانی خۆیان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە کردووە. ئەمەش جۆرێك لە کێبرکێی لە نێوان هەردوو پارتەکەدا دروستکردبوو، هەریەکەیان هەوڵیدەدا لیستەکەی ئەم لە هەڵبژاردنەکەدا براوە بێت. زۆرجاریش ئەندامانی هەردوو پارتەکە بەیەکەوە، یانەکەیان بەڕێوە بردووە، یان ئەندامانی هەردوو پارتەکە بە لیستی هاوبەش (کە پاڵێوراوانی هەردوو پارتەکەی تێدابووە)، خۆیان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە پاڵاوتووە، ئەمەش لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردیی شاری بەغداوە مایەی دڵخۆشی بووە و پێشوازی لێکراوە (کامل ژیر :2017)

لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 دا، هەڵبژاردنەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی سەرکەوتن، هەموو ساڵێك ئەنجام دراوە و دەستەیەکی تازە هەلبژێردراوەو و زۆرجاریش لە ساڵێکدا دووجار هەڵبژاردن ئەنجام دراوە. بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنەکانی یانە ئەمانە بوون:

1- لە ڕێکەوتی 1959/1/16 دا دەستەیەکی تازەی هەشت کەسی بۆ یانەکە هەڵبژێردراون، کە پێکهاتبوون لە: دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی-باوەڕپێکراوی یانە، دکتۆر نووری فتوحی-یاریدەدەری باوەڕپێکراوی یانە، کەریم زانستی (١٩٠٧-١٩٩٦)-سکرتێر، حافیز مستەفا-ئەمیندار، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠)-ئەندام، موکەڕەم تاڵەبانی-ئەندام، ئیحسان شێرزاد (1925-2016) –ئەندام، مستەفا قەرەداخی (1892-1972)-ئەندام، زەکیە ئیسماعیل حەققی –ئەندام (هیوا، ژ:٦-٧، کانوونی دووەمی ١٩٥٩، ل١٠٢).

2-ڕێکەوتی 26ی شوباتی1960 دا، بۆ جارێکی دیکە یانەکە بڕیاری هەڵبژاردنی دەستەیەکی تازەی دایەوە (خەبات، ژ:١٢٣، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩)، پاڵێوراوان بۆ ئەم مەبەستە بە دوو لیستی جیاواز خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکە ئامادەکردووە، بەڵام لەبەر زۆری ڕێژەی دەنگدەران هەڵبژاردنەکە بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە (هیوا، ژ:٤، ئاداری ١٩٦٠، ل٢٣)، تا لە ڕێکەوتی 1960/3/30 دا هەڵبژاردن ئەنجام دراو دەستەیەکی تازە بۆ یانەکە هەڵبژێردراون کە ئەمانە بوون: دکتۆر سەددیق ئەتروشی (١٩٢٤-١٩٦٤)–باوەڕپێکراو، ناهیدە شێخ سەلام-جێگری باوەڕپێکراو، کەریم زانستی (سکرتێر)، عەبد عەلی محەمەد-ئەمین سندوق (هیوا، ژ:٣٠، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠، ل١٠٩).

3- دوای ساڵێك و لە ڕێکەوتی 1961/2/10 دا جارێکی دیکە یانە هەڵبژاردنی ئەنجام دایەوە و دەستەی پێشوو وەك خۆیان ماونەتەوە، تەنها (کەریم زانستی) نەبێت، کە لە شوێنی ئەودا عەبدولستار کازم وەك سکرتێر، هاتۆتە ناو دەستەی بەڕێوەبردنی تازەوە (هیوا، ژ:٣٢، نیسانی ١٩٦١، ل٧٦).

4- دوایین هەڵبژاردنی یانەی سەرکەوتن لە ساڵی چوارەمی دوای شۆڕشدا، لە ڕێکەوتی 1962/2/23 دا ئەنجامدراوە، لەم هەڵبژاردنەشدا دەستەیەکی تازە بۆ یانەکە هەڵبژێردراون، کە لەمانە پێکهاتبوون: دکتۆر سەددیق ئەترووشی، فایەق هۆشیار (1921-2002)، دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی، موکەڕەم تاڵەبانی، ناهیدە شێخ سەلام، عەبد عەلی محەمەد، حەمید فەیلی، نووری عەلی ئەمین، عەبدولڕەزاق محەمەد بیمار، جەمال خەزنەدار(٣) و کاکە مەم بۆتانی (هیوا، ژ:٣٥، ١٩٦٢، ل٧٦). دکتۆر سەددیق ئەترووشی جارێکی دیکە بۆتە باوەڕپێکراوی یانە و عەبدولڕەزاق بیمار بە سکرتێری یانە داندراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار لە ٢٠١٧/٧/١٣).

دواجار لە نێوان ساڵانی 1963-1964 دا یانەکە کەوتە ژێر قەرز و قۆڵەی کرێی بارەگا، هەربۆیە حاکمی سەربازی گشتی بە نووسراوی ژمارە 964/233 لە نۆی حوزەیرانی ساڵی 1964 دا، دەستی بەسەر کەلوپەل و بارەگای یانەکەدا گرت و فرۆشتیان، تاوەکو ئەو قەرزەی لەسەریان بوو، بیدەنەوە، بە ماوەیەکی کەمیش دوای ئەمە وەزیری ناوخۆی عێراق نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی

ئه‌مانه‌تی پایته‌خت-أمانة العامة كرد و داوای داخستنی یه‌كجاره‌كی یانه‌كه‌ی كرد، ئه‌وانیش به‌ بروسكه‌ی ژماره‌ 3444 له‌ 13ی حوزه‌یرانی ساڵی 1964 دا، بڕیاری داخستنی یانه‌كه‌یان جێبه‌جێكرد (نه‌جاڕ، ٢٠١٩، ل١١٤).

**٣. گۆڤاری هیوا و مێژووی ناودارانی كورد:**

لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ ژیان و كه‌سایه‌تییه‌ مێژووییه‌كان، یه‌كێكه‌ له‌و لایه‌نه‌ گرنگانه‌ی، كه‌ به‌شێكی سه‌ره‌كی له‌ ڕابردووی نه‌ته‌وه‌كانی جیهان پێكده‌هێنیت. ته‌نانه‌ت له‌ فه‌لسه‌فه‌ی مێژوودا، یه‌كێك له‌ هۆكاره‌كانی بزواندنی مێژوو، بریتییه‌ له‌ ڕۆڵی تاك له‌ ئاڕاسته‌كردنی ڕووداوه‌ مێژووییه‌كاندا، كه‌ به‌ ڕۆڵی پاڵه‌وان له‌مێژوودا ناوده‌برێت، له‌م ڕووه‌وه‌ ماكس ڤیبه‌ری (١٨٦٤-١٩٢٠) كۆمه‌ڵناس ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌دات كه‌: "پاڵه‌وانان (مه‌به‌ستی تاكه‌) بۆ به‌دیهێنانی ئامانجه‌كان هه‌وڵده‌دات، دڵسۆزی و پابه‌ندبوون به‌ده‌ستبهێنی تا خۆیان ته‌رخان بكه‌ن بۆ به‌هابه‌رزه‌كان كه‌ هه‌وڵی به‌ده‌ستهێنانی ده‌دات، ده‌ستوپێوه‌نده‌كانیش به‌خته‌وه‌ری له‌قوربانیدان ده‌بینن بۆ گه‌یاندنی ئه‌م په‌یامه‌" (ئه‌لمه‌لاح، ٢٠١١، ل٢٣١). جگه‌ له‌مه‌ش، بیرمه‌ندانی بواری فه‌لسه‌فه‌ و مێژووی وه‌ك: هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) و تۆماس كارلیل (١٧٩٥-١٨٨١) و پلیخانۆڤ (١٨٦٥-١٩١٨) و ئارنۆڵد تۆینبی (١٨٨٩-١٩٧٥)، جه‌خت له‌سه‌ر گرنگی تاك له‌ئاڕاسته‌كردنی ڕووداوه‌ مێژووییه‌كان ده‌كه‌نه‌وه‌، ئه‌گه‌رچی بۆچوونی دیكه‌ ئه‌مه‌ ڕه‌تده‌كاته‌وه‌، به‌درێژایی مێژوو ناكۆكی و جیاوازی له‌نێوان بیرمه‌ندان و توێژه‌رانی بواری فه‌لسه‌فه‌ی مێژوو له‌سه‌ر ئه‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ ئایا كێ دروستكه‌ری ڕووداوه‌كانی مێژووه‌، ده‌سته‌ڵاتداران یان میللەت؟ (گۆمه‌تاڵی، ٢٠١٩، ل١٤١-١٥١).

له‌ مێژووی كورد سه‌ركرده‌ سیاسی و نه‌ته‌وه‌ییه‌كان، كه‌ به‌ هۆكار و ئامرازی جیاواز كه‌ گه‌یشتونه‌ته‌ پێگه‌ی ئه‌م سه‌ركردایه‌تییه‌، ڕۆڵی دیاریان له‌ مێژووی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و نه‌ته‌وه‌یی و ئابووری كوردستاندا گێڕاوه‌، بۆیه‌ بونه‌ته‌ به‌شێكی سه‌ره‌كی له‌ مێژووی گه‌لی كورد. گۆڤاری هیوا، به‌ درككردن به‌م ڕاستییه‌، به‌تایبه‌ت له‌ ژماره‌كانی به‌راییدا، گۆشه‌یه‌كی تایبه‌تی بۆ به‌سه‌ركردنه‌وه‌ی ژیاننامه‌ی به‌شێك له‌ سه‌ركرده‌ و كه‌سایه‌تییه‌ ناسراوه‌كانی مێژووی كورد، به‌تایبه‌ت مێژووی نوێ و هاوچه‌رخ، ته‌رخانكردووه‌. ئه‌مه‌ش هه‌وڵێك بووه‌ به‌ ئاڕاسته‌ی زیاتر ناساندنیان و هۆشیاری مێژوویی به‌شێوه‌یه‌كی گشتی، له‌وانه‌ش وه‌ك: ئه‌مانوڵڵاخانی والی میرنشینی ئه‌رده‌لان (1860-1867)، میر به‌درخان پاشای میری میرنشینی بۆتان (١٨٢١-١٨٤٧)، عه‌بدولڕه‌حمان پاشای میری بابان (١٧٨٩-١٨١٣)، مه‌لا عه‌بدوڵای جه‌لیزاده‌ (1832-1908) و مه‌عرووف جیاووك و...تاد، به‌هۆی جیاوازی ناوی نووسه‌ره‌كانیشه‌وه‌، ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ نووسه‌رانی جیاواز به‌شدارییان له‌ئاماده‌كردنی ئه‌و بابه‌تانه‌دا كردووه‌، له‌ زۆربه‌ی بابه‌ته‌كاندا، سه‌ره‌تا سه‌رنجێكی خێرا خراوه‌ته‌ سه‌ر ژیانی تایبه‌تی ئه‌و كه‌سایه‌تییانه‌، پاشان پێگه‌ی ئه‌و كه‌سایه‌تییه‌ی له‌ ڕووی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و ڕۆشنبیریی خستووه‌ته‌ ڕوو.

گرنگی ئه‌م بابه‌تانه‌ به‌گشتی له‌م لایه‌نانه‌ دایه‌ :

١. زۆر كه‌سایه‌تی باسكراون، كه‌ له‌و سه‌رده‌مانه‌دا به‌ده‌گمه‌ن له‌ ناوه‌نده‌ ڕۆشنبیریی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان به‌سه‌ركراونه‌ته‌وه‌، له‌وانه‌ وه‌ك خه‌واجه‌ئه‌فه‌ندی (1841-1942)، ئه‌م كه‌سایه‌تییه‌ كه‌ خه‌ڵكی شاری سلێمانییه‌، ساڵی 1858 له‌سه‌ر داوای كاك ئه‌حمه‌دی شێخ (١٧٩٣-١٨٨٧)، قوتابخانه‌یه‌كی له‌شاری سلێمانییدا كردووه‌ته‌وه‌، هانی خه‌ڵكی داوه‌ بۆ خوێندن، له‌ قوتابخانه‌كه‌دا به‌شێوه‌یه‌كی ڕێكخراو وانه‌ و بابه‌تی زانستی خوێندراوه‌، بۆیه‌ ته‌حسین پاشای والی موسڵ، كاتێك هاتۆته‌ شاری سلێمانی، ئه‌م ڕێكوپێكییه‌ی قوتابخانه‌كه‌ی بینیوه‌، بڕیاری داوه‌ پاڵپشتی دارایی قوتابخانه‌كه‌ بكات، هه‌روه‌ها داوای لێكردووه‌، ناوی قوتابخانه‌كه‌ بكات به‌ قوتابخانه‌ی (ته‌حسینیه‌)، به‌ڵام خواجه‌ ئه‌فه‌ندی ئه‌مه‌ی په‌سه‌ند نه‌كردووه‌ (هیوا، ژ:٨، شوباتی ١٩٥٨، ل268). له‌ژماره‌یه‌كی دیكه‌، له‌ بابه‌تێكدا، به‌ ناوی بیره‌وه‌ری حاجی مه‌لا عه‌بدوڵڵای جه‌لیزاده‌، نووسه‌ر تیشكی خستووه‌ته‌ سه‌ر چه‌ند ڕووداوێكی مێژوویی ده‌رباره‌ی ژیانی ئه‌و كه‌سایه‌تی و زانا ئاینییه‌ی كورد، وه‌ك ڕووداوی چوونی مه‌لا عه‌بدوڵڵای جه‌لیزاده‌ بۆ شاری به‌غدا و ئاشنایه‌تی له‌گه‌ڵ (محه‌مه‌د فه‌یزی زه‌هاوی-ت) ناسراو به‌ موفتی زه‌هاوی (١٨٠٣-١٨٩٠)، كه‌ له‌به‌ر پیری، له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی عوسمانییه‌وه‌ له‌ موفتێتی شاری به‌غدا لابراوه‌ و له‌شوێنی ئه‌ودا مه‌لا عه‌بدوڵڵا داندراوه‌، به‌ڵام ئه‌م ئه‌وه‌ قبوڵ ناكات و ده‌ڵێت: "نامه‌وێت به‌ زیندوێتی چاوان، له‌شوێنی زه‌هاوییدا دابنیشم ". بۆیه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ شاری كۆیه‌ (شاره‌زا، ١٩٥٨، ل٧).

٢. گۆڤاری هیوا له‌ گۆشه‌ی تایبه‌تیدا، یادی ئه‌وكه‌سایه‌تییه‌ ناسراوه‌ كوردانه‌ی كردووه‌ته‌وه‌، كه‌ ساڵانێک به‌ر له‌ده‌رچوونی گۆڤاره‌كه‌ كۆچی دواییان كردووه‌، ساڵیادی كۆچی دواییانی بڵاوكردووه‌ته‌وه‌، وه‌ك یادی چوارساڵه‌ی كۆچی دوایی شێخ مه‌حمودی حه‌فید (١٨٨١-١٩٥٦)، كه‌ گۆڤاره‌كه‌ ڕێكه‌وته‌كه‌ی دیاریكردووه‌، له‌ (10/9/ 1956) كۆچی دوایی كردووه‌ (هیوا، ژ:٣٠، تشرینی یه‌كه‌می١٩٦٠، ل98). هه‌روه‌ها یادكردنه‌وه‌ی كۆچی دوایی بێكه‌سی شاعیر، كه‌ له‌ ڕێكه‌وتی (1960/12/٣٠) دا له‌ناو باره‌گای یه‌كێتی ئه‌دیباتی عێراق، كه‌ تێیدا دیارترین نووسه‌ر و ڕۆشنبیرانی كورد له‌ شاری به‌غدا ئاماده‌بوونه‌ و وتاری كه‌سایه‌تی و لایه‌نه‌كان خوێندراوه‌ته‌وه‌ (هیوا،

ژ:٣١، كانوونی دووەمی١٩٦١، ل٦٠). هەروەها چلەی ماتەمینی نووسەر و سیاسەتمەداری ناسراوی كورد مەعرووف جیاووك، لەلایەن (یانەی سەركەوتنی كوردان)ی بڵاوكردووەتەوە. كە بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی زۆر لە كەسایەتی ڕۆشنبیر و سیاسی و نوسەرانی كوردی شاری بەغدا، لە ئاداری ساڵی 1958 دا بەڕێوەچووە، كە تێیدا، وتاری یانە و وتاری ڕۆشنبیران و هۆنراوەی تایبەت لەسەر ئەو كەسایەتییە خوێندراوەتەوە (هیوا، ژ:٩، مارتی١٩٥٨، ل٨٨) .

٣. لە تەك ژیاننامەی كەسایەتییەكاندا، تیشكی مێژوویی خراوەتە سەر ئەو قۆناغانەی كە كەسایەتییەكەی تێیدا ژیاوە، بۆنموونە لە باسی میر محەمەد پاشای میری میرنشینی سۆراندا (١٨١٣-١٨٣٧)، نووسەر هاتووە سەردەمی میر محەمەدی لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە كردۆتەوە، كە قۆناغی سەردەمی دەرەبەگی بووە، نووسیویەتی: "كۆمەڵە خەڵكێك بە یەك زمان ئەدوێن، سنووریان یەك و ئابووری و دابونەریتیشیان وەك یەكە، بەڵام هەریەكە و لەسنوورێكی جوگرافییدا دەستەڵاتێكی هەیە، میر محەمەد، یەكەم نوێنەری بۆرجوازی میللەتی كوردە، بەڵام كاتەكەی بۆ ئەوە گونجاو نەبووە، تا ئامانجەكەی بەدیبهێنێت" (هیوا، ژ:٤، تشرینی یەكەمی ١٩٥٧، ل٦).

**٤. مێژووی شار و شارۆچكە و ئاواییەكانی كوردستان**:

یەكێكی دیكە لە لایەنە گرنگەكانی لێكۆڵینەوەی مێژووی كورد، مێژووی شار و شارۆچكە و ئاواییەكانی كوردستانە، هەریەك لەوانە، مێژوویێكی تایبەتی خۆی هەیە، كە دواجار دەبنە بەشێكی گرنگ لە مێژووی كورد و كوردستان، گۆڤاری هیوا، لە هەندێك لە ژمارەكانییدا، تەوەرێكی تایبەتی بۆ ناساندنی شار و شارۆچكەكانی كوردستان تەرخان كردووە، وەك: هەولێر، كەركوك، كۆیە، ڕەواندز، خورماڵ، شەقڵاوە و ئەوانیتر. ئەمە وێڕای بایەخدان بە بڵاوكردنەوەی هەندێك هەواڵی تایبەت بەو شارانە .

سەرەتا لە گۆشەی ناساندنی شارەكاندا، هەر شارێك كە باس كراوە، مێژوویێكی دێرینی شارەكە، هەر لە سەردەمە كۆنەكانەوە، تا دەگاتە مێژووی نوێ و هاوچەرخ خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە لە مێژووی نوێی شاری هەولێردا، باس لە هێرشەكەی نادر شای ئەفشار (١٧٣٦-١٧٤٧) بۆ سەر شاری هەولێر كراوە، لە ساڵی 1743 دا، نادرشا بۆماوەی (60) ڕۆژ گەمارۆی قەڵای هەولێری داوە، دوای ئەوەی شارەكەی داگیركردووە، كوشتارێكی زۆری كردووە و شارەكەی خاپوور كردووە (هیوا، ژ:٦، كانوونی یەكەمی١٩٥٧، ل٦).

لەپاڵ گێڕانەوە مێژووییەكاندا، وەسفێكی گشتی هاوسەردەمانەی شارەكان كراوە، واتا لەو ساتانەی كە بابەتەكە بۆ گۆڤاری هیوا ئامادەكراوە، بۆنموونە شارەكە لەڕووی ئابووری ئاستی بژێوی چۆن بووە و سەرچاوەی داهاتی دانیشتوانی شارەكە چی بووە و چۆن بووە. بۆ نموونە كە دێتە سەرباسكردنی شارۆچكەی كفری (٤) لە ساڵی ١٩٥٨ دا، نووسەر نووسیویەتی: "شاری كفری (7) هەزار كەسی تیایە و نزیكەی 1500 ماڵیك دەبن، خانووەكان لەگەچ و بەرد دروستكراون، زۆربەی دانیشتوانەكەی بە بازرگانییەوە خەریكن و ئەوانی دیكەش خەركی كشتوكاڵن" (بەرزنجی، ١٩٥٨، ل٥). لە بابەتێكی دیكەدا، لە باسكردنی شارەدێی خورماڵدا(٥) ئەوە دەخاتە ڕوو، كە "دانیشتوانی شارەكە (ساڵی ١٩٥٨-ت)، تا بڵێی هەژارن، لە بنەڕەتەوە لە خورماڵ نەبوون، بەڵكو لە دێهاتەكانی (وڵاتی ئێرانەوە) هاتوون، پاشان ئاماژە بەوەدەكات، كە زۆربەی دانیشتوانەكەی بە كشتوكاڵەوە خەریكن، وەك بەرهەمە نەختینەییەكانی توتن و پەمۆ، دانەوێڵەكانی وەك گەنم و جۆ، بەشێكی كەمیان بە كاروباری بازرگانی و دوكانداریەوە خەریكن، میوە لە ناوچەی هەورامانەوە هاوردە دەكەن" (هەورامی، ١٩٥٨، ل٥).

هەروەها لە باسی زۆربەی شار و ئاواییەكاندا، لایەنی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی، بەسەركراونەتەوە، وەك ئەوبابەتەی دەربارەی ، دەربارەی شاری كەركوك بڵاوكراوەتەوە، نووسەر باسی دۆخی ڕۆژنامەوانیی شارەكە لە ساڵی ١٩٥٧ دەكات و نووسیویەتی: "ڕۆژنامەی كەركوك، بەشێكی بە عەرەبی و بەشێكی بە توركی بڵاوئەكرێتەوە، پێویستە بەشێكی بۆ نووسینی كوردی تەرخان بكرێت، چونكە دانیشتوانی ئەم لیوایە، (90%) نەتەوەی كوردن، حەق وایە ڕۆژنامەكە چەند لاپەڕەیەك بۆ نوسین و زمانی كوردی تەرخان بكات" (تاڵەبانی، ١٩٥٧، ل٧٦) هەروەها لە بابەتێكدا لەبارەی شارۆچكەی شەقڵاوە(٦) بڵاوكراوەتەوە تێیدا هاتووە: "لە شەقڵاوە دوو قوتابخانەی قۆناغی سەرەتایی هەیە. نزیكەی 650 قوتابی تێیدا دەخوێنن، وە پێش ئێستا (مەبەستی ساڵی 1958)، قوتابخانەیەكی قۆناغی ناوەندی تێدا بووە، بەڵام لە ساڵی 1955 داخرا و هەڵگیرا، دوو قوتابخانەی ئایینیش هەیە، یەكێكیان هی مسوڵمانەكان و ئەوی دیكە هی مەسیحیەكانە" (مەولود، ١٩٥٨، ل٤).

لەتەك ئەمانەدا، رۆژنامەكە هەندێ لاپەڕەی ژمارەكانی، بۆ هەواڵی شارەكان تەرخانكردووە، وەك ڕووداوی لافاوەكەی شاری سلێمانی ساڵی 1957، كە خەڵكێكی زۆر بوونەتە قوربانی، پاشان لە چەند ژمارەیەكدا، باسی كۆكردنەوەی كۆمەك و پیتاكی بۆ لێقەوماوانی شارەكە كردووە، وەك پیتاك كۆكردنەوەی هەردوو شاری زاخۆ و دووزخورماتوو (هیوا، ژ:٦، كانوونی یەكەمی١٩٥٧، ل٧٧). هەروەها لە ژمارەیەكدا، ئاگادارینامەیەک سەبارەت بە كردنەوەی پێشانگایەكی كشوكاڵی پیشەسازی لەشاری هەولێر

بڵاوکراوەتەوە، کە چەند ڕۆژێك پێشانگاکە، بەردەوام دەبێت. داوا لە هەموو دانیشتوانی عێراق کراوە، کە بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانیان، لەم پێشانگایەدا نمایش بکەن (هیوا، ژ:١٢، حوزەیرانی ١٩٥٨، ل٨٥). لەگەڵ ئەوەی ئەم زانیاریانەی گۆڤارەکە سەبارەت بەشارەکان بڵاوی کردۆتەوە زیاتر دەچێتە چوارچیوەیەکی دیمۆگرافی بەڵام بۆ ئەم ڕۆژگارە بایەخی مێژوویی هەیە، لەبەرئەوەی تۆماری ڕۆژنامەوانی بەتایبەت ئەو بڵاوکراوانەی هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون وەك بەڵگەنامەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**٥. ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد و خەباتی نەتەوایەتی کورد لە گۆڤاری هیوادا:**

یەکێك لەو لایەنانەی گۆڤاری هیوا، کە لە هەندێك لە ژمارەکانییدا بایەخی پێداوە، ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەن، کە باسی خەباتی نەتەوایەتی کورد و دۆزەکەیان بە ئامانج گرتووە، تەنانەت بەشێك لەو وتارانە، لەشێوەی زنجیرە بڵاوکراونەتەوە، زیاتریش ئەو ژمارانە کەوتونەتە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، لە سایەی ئەو ئازادییەی کە شۆڕش بەدوای خۆیدا هێنای و ڕێگای بۆ بڵاوکرنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە خۆشکرد، لە بەشێك لەو وتارانەدا، خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردی بەخەباتی گەلان بەستاوەتەوە، وەك ئەو وتارەی کە بەناونیشانی (شۆڕشی ئۆکتۆبەر(٧) و مەسەلەی کورد) بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێك لە وتارەکەدا هاتووە: "میللەتی کورد کە دراوسێی یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەپێی وەزعی ئەوسای، تاڕادەیەك ئەم شۆڕشە گەورەیە، جوڵانی، بەهۆی ئەوەی کە لەژێر تاریکی دەربەگێتی و زوڵمی عوسمانی ئەژیا" (غەفوور، ١٩٥٨، ل٧٧). لەوتارێکی دیکەشدا لەژێر ناوی (ژیان و زانستی کوردەکانی ئەرمینیای سوڤییەتی)دا کە لە ساڵی (١٩٦١) دا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: "پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917، ڕەنجکێشە کوردەکان، زەوییان دەستگیربوو، دەستیانکرد بە فەلاحەت و تووتن و پەروەردەکردنی هەنگ، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری سنووری شارە کوردییەکان، لەکارگەکانی یەریڤان و تفلیس و باکۆ و شارەکانی دیکە ئیش دەکەن"، پاشان دێتە سەرباسی لایەنی ڕۆشنبیریی و خوێندەواری، ئاماژە بەوە دەدات کە: "ئەلف و بێ کوردی، بۆ یەکەمجار لە یەریڤان داندرا، مامۆستایانی کورد لە دێهاتەکانی یەریڤان بە کوردی دەرس دەڵێنەوە و لەو قوتابخانانەدا، 1120 قوتابی کورد دەخوێنن". دواتر دێتە سەر لایەنی ڕۆژنامەگەریی و ئاماژە بەوە دەدات، کە: "کوردەکان، ڕۆژنامەیەك بەناوی (ڕێیا تازە)(٨) دەردەکەن، کە بە زۆری وتار دەربارەی ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆر و پەروەردەکردنی منداڵ بڵاودەکاتەوە"، ئینجا باس لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی دەکات، لەم ڕووەوە ئاماژە بە پەیدابوونی چەندان نووسەری کورد دەدات، کەڕۆڵیان لەم بزووتنەوەیەدا گێڕاوە لەوانەش وەك" عەرەبی شەمۆ (١٨٩٧-١٩٧٨)، حاجی جندی (١٩٠٨-١٩٩٠)، جاسمی جەلیل (١٩٠٨-١٩٩٨)، وەزیری نادری (١٩١١-١٩٤٦) و ئەوانیدیکە (ئەبدال، ١٩٦١، ل١٢-١٩).

لەچەند وتارێکی دیکەی مێژوویی گۆڤاری هیوادا، تیشکی سەرنج خراوەتە سەر هۆکارەکانی دروستبوونی خەباتی نەتەوایەتی کورد لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیدا، وەك لە وتاری (خەباتی کورد)دا کە بەشێکی لەکتێبی (کفاح الکرد)ی دکتۆر جەمال نەبەز (١٩٢٩-٢٠١٨) وەرگرتووە، هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان بۆ بزووتنەوەی کەمالی دەگەڕێنێتەوە، کە ئەوان لە سەرەتای بزووتنەوەکەدا هەوڵیانداوە کورد بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، بەڵام دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەکە لەپەیمانی لۆزان لەساڵی1923 مافەکانی کوردییان پێشێلکرد، ئەمەش هۆکاربوو بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی چەکداری نەتەوەیی کوردی وەك: بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٥-١٩٢٥) لە ساڵی 1925 دا، کە پاشان بزووتنەوەکە بە ئاگر و ئاسن دامرکێندرایەوە (هیوا، ژ:٦-٧، کانوونی دووەمی١٩٥٩، ل٨١).

سەبارەت بەخەباتی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، دوای هاتنی ئینگلیز بۆ ویلایەتی موسڵ، لە وتاری (مێژووی لام باش نییەی سلێمانی تا 14 تەمموزی 1958) باس لەوە دەکات "کاتێك ئینگلیزەکان هاتنە عێراق، بەڵێنیان دا کە قەوارەیەکی تایبەت بە کورد دروست دەکەن، بەڵام ئەم بەڵێنەیان نەگەیاندە سەر، لەجیاتی ئەوە، ئەو بەشەی کوردستانیان بەدەوڵەتی عێراقەوە لکاند، بەفێڵ و تەڵەکەبازی ڕاپرسیێکیان ئەنجامدا، لە ڕاپرسییەکەدا ئەم پرسیارانەیان ئاڕاستەکردووە:

-تێکەڵ بوون بە عەرەبی عێراق.

-باوەڕکردن بە مەلیک فەیسەڵ(٩).

پرسیاری یەکەم: لام باش نیە. پرسیاری دووەم: لام باشە.

بەپێچەوانەی پرسیاری یەکەم، لە هەموو لیوای سلێمانیدا تەنیا دوو کەس دەنگیان بە لام باشەکە دابوو، کەچی لەجیاتی بەڵێنەکەیان کوردستانیان کرد بە شمال" (خواجە، ١٩٥٩، ل٤٨).

لە ژمارەیەکی دیکەدا، بابەتێك لەژێر ناوی (بیرەوەری ڕۆژی شەشی ئەیلوول) بڵاوکراوەتەوە، کە لەم ڕۆژەدا ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠ بەرپابوو(١٠)، لەم وتارەدا، وێڕای ئاماژەکردن بە ڕووداوەکە و هۆکاری دروستبوونی، ئاماژە بەهۆکاری بنەڕەتیش کراوە، کە بۆتە پاڵنەری دروستبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو پارچەیەی کەپێی دەوترێت کوردستانی عێراق،

نووسەر لەوبارەیەوە نووسیویەتی: "بەپێی پەیمانی ساڵی 1930 نێوان عێراق و بەریتانیا، بەریتانیا عێراقی کردە پاشکۆی خۆی و کردی بە یەکەیەکی جەنگ بۆ هێزە سوپاییەکان و توانی دەستبگرێت بەسەر ژیانی ئابوورییدا، لەلایەکی دیکەدا، دەوڵەتێکی تازەی دروستکرد، کە کورد خۆی لە ژێر دەستی عەرەب دەبینی، نەك تەنها مافی کوردییان پشتگوێ خست، لە هەموو ئەو یاساو نەریتانەی کە ڕێکخران بۆئەوەی عێراق وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بچێتە ئەنجوومەنی نەتەوەکان(١١) هەتا نەتەوەی کورد لە دوو دڵییدا بمێنێتەوە، سەبارەت بە پاشەڕۆژیان لە حکوومەتی عێراقدا" (هیوا، ژ:٣٠، تشرینی یەکەمی١٩٦٠، ل٨٢).

**٦. ڕەنگدانەوەی رەوشی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد لەگۆڤاری هیوادا:**

یەکێك لە لایەنەکانی رۆژنامەوانی، کە دەبنە کەرەستە و سەرچاوەی نووسینی مێژووی هەرنەتەوەیەك، هەواڵەکانی ڕۆژ و ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەوانیەکانن، ئەمەش گرنگییەکەی لەوە دایە، کە ئەم بڵاوکراوەیە لە نزیکەوە چالاکی یان ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکە بەسەردەکاتەوە، هەندێجاریش لەبەرامبەر پێشهاتێکی سیاسییدا، هەڵویست وەردەگرێت و ناڕەزایی لەشێوەی بەیاننامە، یان هەرجۆرە ڕاگەیاندراوێکی دیکە بڵاودەکاتەوە، گۆڤاری هیوا تاڕادەیەك توانیویەتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژ و ڕیپۆرتاژ و ڕاپۆرتی رۆژنامەوانی ئەم بایەخە مێژووییە بەدەستبهێنێت، کە ئەمەش لەم دووباسەدا دەیخەینە ڕوو:

**٦.١. ڕەوشی سیاسی:**

ئەو ماوەیەی گۆڤاری هیوا تێیدا دەرچووە، بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت، قۆناغی پێش شۆڕشی چواردەی تەممووز و قۆناغی دوای شۆڕش، سەبارەت بە پێش شۆڕش، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و هەلومەرجی ئەوسای عێراق، گۆڤارەکە نەیتوانیووە ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی پەیامی سیاسی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییە سیاسیەکانی تایبەت بەکورد هەبێت، بەڵام دوای شۆڕش، ئەم لایەنە زیاتر بایەخی پێدراوە، کە دەکرێت جۆری بابەتەکان لەم بارەیەوە لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١. بایەخدان بەشۆڕشی 14 تەمموزی 1958 و ڕەنگدانەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کە لە سەر نەتەوەی کورد هەیبووە، وەك ئەو وتارەی کە بەبۆنەی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە لەیەکێك لەژمارەکانی مانگی تەممووزدا بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ڕۆڵی کورد لەشۆڕشە کە دەخاتە ڕوو، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "کوردەکانیش دەوری خۆیان لە شۆڕشەکەدا بینی، هەر بە بیستنی هەواڵی جمهوریەت و شۆڕش ئەوانیش ڕاپەڕین و شیعارێکی گەورەیان نووسی (گەلی کورد پشتگیری لە کۆماری عێراق دەکات-الشعب الكردي يؤيد الجمهورية العراقية)، بەم شیعارە و بەشی زۆریان بەجلوبەرگی کوردییەوە بەشەقامەکاندا دەگەڕان و هاوارییان دەکرد بژی سوپا، بژی گەل، بژی پێشەوای عەرەب سەرۆك جەمال عبدالناصر (١٩٥٢-١٩٧٠)، بژی پێشەوای کورد جەنەڕال مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩)، بژی برایەتی کورد و عەرەب". (هیوا، ژ:١، تەممووزی١٩٥٨، ل٩٨). لە ژمارەی دوای ئەوە و لەڕێکەوتی (چواری ئابی 1958) دا، گۆڤارەکە دیدارێکی لەگەڵ عەبدولسەلام عارف (١٩٦٣-١٩٦٦)ی یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی چواردەی تەممووزئەنجامداوە. دەربارەی کورد پرسیاری لێکردووە کە "ئایا ئاواتت بۆ گەلی کورد چیە؟" ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "ئاواتم ئەوەیە گەلی کورد سەربەرز بێت، لەگەڵ گەلی عەرەب دۆستانە و برایەنە بژین، بۆ ئەوەی جمهووریەتەکەمان بگاتە ئامانج و ئاسایشی خۆی، وە هیوامان وایە دەستووری جمهووریەت لەلایەن برا کوردەکانەوە پەسەند کرابێت". هەر لەهەمان ڕێکەوتدا، چاوپێکەوتنێکی دیکەیان لەگەل دکتۆر جابر عومەر (١٩١٣-١٩٩٣)ی وەزیری مەعاریفی ئەوکاتە ئەنجامداوە، لەم چاوپێکەوتنەدا، ناوبراو جەختی لەسەرئەوە کردووەتەوە، کە لە ڕێی لێژنەیەکەوە، کار بۆ بەکوردییکردنی خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەکرێت (هیوا، ژ:٢، ئابی ١٩٥٨، ل٣-٩).

هەر سەبارەت بە کاریگەرییەکانی شۆڕشی 14 تەمموز، گۆڤاری هیوا ڕیپۆرتاژێکی سەبارەت بە ئازادکردن و گەڕانەوەی ئەو زیندانییە نەتەوەخوازە کوردانە ئامادەکردووە، کە بە تۆمەتی کاری سیاسی دەستگیرکرابوون، دوای ئازادکردنیان بەرەو شاری سلێمانی گەڕاونەتەوە، ئەوانیش وەك: بەهائەددین نووری، هاوڕێ عومەر، گۆرانی شاعیر (١٩٠٤-١٩٦٢)، لەم ڕیپۆرتاژەدا هەریەك لەوانە باسی نەهامەتی و بارودۆخی خراپی ناو بەندیخانەیان بۆ گۆڤارەکە کردووە، بۆ نموونە (گۆرانی شاعیر) لەوبارەیەوە دەڵێت: " لە زیندانەدا بەشی زۆری، حوکم بە ئیرهاب و ئازاردان ڕام بوواردووە، سێ جار کاروان و زنجیر و ڕیازەم دیوە، جارێك (24) سەعات هەڵیانواسیم، بەشی زۆری تەمەنی زیندانم بە خواردنی نوقل و باسووق ڕابوواردووە، لە زیندانەکانی کەرکوك ، بەغدا ، بەعقوبەدا" (هیوا، ژ:٣، ئەیلوولی ١٩٥٨، ل٢٩).

٢. یەکێکی دیکە لەو لایەنە سیاسیانەی کە گۆڤارەکە بایەخی پێداوە، هەواڵ و کاروچالاکی سیاسی بوون، وەك هەواڵەکانی تایبەت بە قوتابییانی کورد لە ئەوروپا، لەچەند ژمارەیەکدا کار و چالاکی و کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردی لە ئەوروپا بڵاوکردووەتەوە (هیوا،

ژ:٣، ئەیلوولی ١٩٥٨، ل١٣؛ ژ:٤، تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، ل٨). هەروەها هەواڵی بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە سەرەتای مانگی ئاياری ساڵی 1960 دا لە شاری بەغدا بەڕیوەچووە، بڵاوکراوەتەوە، لە کۆنگرەکەدا لێژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، لەم بارەیەوە گۆڤاری هیوا نووسیویەتی: "ئەم کۆنگرەیە وەکو ڕێگادان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەنگاوێکی گرنگ بوو" (هیوا، ژ:٥، مایسی ١٩٦٠، ل٧٠).

٣. بەياننامەکانی گۆڤاری هیوا، دژی پێشێلکاریی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لە کوردستانی عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، یەکێکی دیکەبووە لەو لایەنانەی گۆڤارەکە بایەخی پێداوە، لە بەرامبەر بەشێک لەم ڕووداوانەدا، وەك گۆڤارێك کە زمانحاڵی گەلی کورد بێت، هەڵوێستی وەرگرتووە. وەك ئەو بەياننامەی کە تێیدا داوای وەستاندن و موحاکەمەکردنی نا دەستوورییانەی کوردەکانی تورکیا دەکات و تێیدا هاتووە: "ئێمە داوای وەستاندنی ئەم موحاکەمە نا دەستوورییانە دەکەین و داوا دەکەین ئەم کوردانە بەڕەڵا بکرێن" (هیوا، ژ:٣٢، نیسانی١٩٦١، ل٤١). ئەم بەياننامە لەوەوە هاتووە، کە دوای (کودەتای ئاياری ساڵی١٩٦٠) لە تورکیا، پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بەردەوام بوو. ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی بە تۆمەتی بانگەشەی کۆمۆنیزم و کارکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی (کە ژمارەیان ٤٩ کەس بوو) دەستگیرکرابوون. چەند جارێک ڕووبەڕووی دادگاییکردن هاتنەوە، کە تا ساڵی ١٩٦١یش درێژەی هەبوو. یەکێک لەو جارانە، (٢٦) کەسیان حوکمی لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو. (دیشنەر، ١٩٩٩، ل٩٧). لە ژمارەیەکی دیکەدا، بانگەوازێك لەژێر ناوی (هەواڵی نەتەوەکەت بزانە) بڵاوکراوەتەوە، لەم بانگەوازەدا، باسی چەوسانەوەی کوردەکان کراوە لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە کە لە سەردەمی یەکێتی میسر و سوریادا، (32) کورد درانە دادگای سوپا و هەزاران کوردیش خرانە ژێر لێکۆڵینەوە، ژمارەیەکی زۆری کوردیش کە ژمارەیان نزیکەی (35) هەزار دەبوو، لە ترسی مەرگ بە ناچاری کۆچییان کردووە بۆ ناوچەی جەزیرە (زازا، ١٩٦٣، ل١٧). دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی 1958، هەڵوێستی جەمال عەبدولناسر بەرامبەر کوردی عێراقیش گۆڕانکاری بەسەرداهات، تەنانەت کەوتە کێشەنانەوە بۆ ئەو قوتابییە کوردانەی لەوێ دەیانخوێند. بۆیە ساڵی 1959 عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣)، فەرمانی گەڕاندنەوەی قوتابییە کوردەکانی دەرکرد ( ناسراو، 2002، ل49-52).

هەروەها گۆڤارەکە هەر لەڕێگەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندراوانە، بەرپەرچی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەداتەوە، کە هێرشیان کردووەتە سەر نەتەوەی کورد، وەك ئەو ڕاگەیاندراوەی لەژێر ناوی (یانەی سەرکەوتن و داوای تواندنەوەی کورد) بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا وەڵامی وتارێکی ڕەگەزپەرستانەی ڕۆژنامەی (الثورة)(١٢)ی عێراق داوەتەوە، لەوبارەیەوە نوسیویەتی: "ڕۆژنامەی الثورة لەم سەردەمە ئازادەدا، بەدەستی ئیمپریالی دەیەوێت جیاوازی لەنێوان نەتەوەی کورد و عەرەبدا دروست بکات، بەهیواین برا عەرەبەکان بەردەوام بن لەدەربڕینی بێزاری لەم هەوڵە نیاز خراپەدا". (هیوا، ژ:٣٢، نیسانی ١٩٦١، ل٦٨). لە وتارێکی دیکە لەژێر ناوی (کوردی بوختان بۆکراو) دا، بەرپەرچی وتارێکی ڕۆژنامەی (ألاحد)(١٣)ی لوبنانی داوەتەوە، کە تێیدا هێرشی کردۆتە سەر نەتەوەی کورد (نەبەز، ١٩٥٩، ل٤).

**٦. ٢. لە بواری ڕۆشنبیرییدا:**

ئەو هەواڵ و ڕیپۆرتاژانەی سەبارەت بە چالاکی ڕۆشنبیریی، گۆڤاری هیوا بڵاوی کردوونەتەوە، بەشێکی گرنگ لە مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، پێکدەهێنن. لەبەرئەوەی گۆڤارەکە لەلایەن (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ەوە دەردەچوو، زمانحاڵی یانەکە بوو، بۆیە بایەخی تایبەتی بە کاروچالاکییەکانی یانەکە داوە، بە جۆرێك ئەگەر بمانەوێت لە ڕۆلی یانەکە لە شاری بەغدا ئاگادار بین، ناکرێت گۆڤاری هیوا وەك سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم لایەنە پشتگوێ بخرێت، وەك ئەو ئاهەنگانەی یانە، کە لە بۆنە و یادەوەرییە جیاوازەکاندا لە شاری بەغدا، بەتایبەت لە نێوان ساڵانی (1957-1963)دا سازکراون. کە دەیان چالاکی جۆراوجۆری وەك: ئاواز و گۆرانی، شایی و هەڵپەرکێی کوردی، سروودی نیشتیمانی، شانۆ، وتار، پەخشان و هۆنراوەی تێدا پێشکەشکراوە (نەجار، ٢٠١٩، ل١٠٦-١١١).

هەروەها گۆڤاری هیوا، بایەخی بە چالاکییەکانی (کۆمەڵەی ئاوازیی کوردی)(١٥) داوە، کە لە ساڵی 1957 لە شاری بەغدا دامەزراوە. کۆمەڵەکە، لە ماوەی کارکردنییدا، چالاکی ڕۆشنبیریی و هونەری لە شاری بەغدا ئەنجامداوە، وەك ئاهەنگی مۆسیقا و نواندنی شانۆیی. یەکێك لەو شانۆییانەی کۆمەڵەکە، کە ئەو سەردەمە ناوی داوەتەوە، شانۆی (ژیانی قوتابی لە بەغدا) کە هونەرمەند حوسێن قەرەداغی (١٩٣٠-١٩٦٤) ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە، لە نیسانی ساڵی 1958 دا لە شاری بەغدا پێشکەشکراوە. گۆڤاری هیوا وێڕای ئەوەی ڕیپۆرتاژێکی لەسەرئەو ئاهەنگە ئامادە کردووە، کە شانۆیەکەی تێیدا پێشکەشکراوە، چەند سەرنجێکی ڕەخنەییشی لەسەر شانۆییەکە خستووەتە ڕوو (فازل، ١٩٥٨، ل٦٥). لەپاڵ ئەمانەدا، بایەخ بە چەند لایەنێکی دیکەش دراوە، وەك: یادکردنەوەی

نەورۆزی ساڵی 1959 لە شاری بەغدا، کە لە شێوەی ڕیپۆرتاژێك، لەلایەن دکتۆر کەمال مەزهەرەوە(16) ئامادەکراوە، ئەم ئاهەنگە، لە چەند شوێنێکی جیاوازی شاری بەغدا، بە دەیان چالاکی جیاوازەوە، سازکراوە (هیوا، ژ: ٨، مارتی ١٩٥٩، ل٦٨).

هەروەها بایەخی بە بڵاوکردنەوەی ئاهەنگەکانی کوردستانیش داوە، وەك ئاهەنگەکەی (تیپی مۆسیقای مەولەوی)(17) کە لە مایسی ساڵی 1958 دا لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی سلێمانییدا پێشکەش کراوە، تێیدا سروود و گۆرانی و ئاوازی کوردی پێشکەشکراوە، لە بڕگەیەکی ئاهەنگەکەدا، شانۆی (تاوانی چی بوو)، لە نووسینی مستەفا ساڵح کەریم (١٩٣٣-٢٠١٨)، نمایش کراوە، گۆڤاری هیوا بەدیدێکی ڕەخنەیی لە ڕیپۆرتاژێکییدا، ئاهەنگەکەی بەسەرکردووەتەوە (هێمن، ١٩٥٨، ل٦٨). لە ژمارەیەکی دیکەدا ڕیپۆرتاژێکی لەسەر ئاهەنگەکەی لقی سلێمانیی یەکێتی گشتی قوتابییاندا ئامادەکردووە. ئەم ئاهەنگەش لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1958، لە شاری سلێمانی پێشکەشکراوە. ئەوەی لەم ڕیپۆرتاژەدا تیشکی زیاتر خراوەتە سەر، شانۆی (ژیانی قوتابی لە دەوری کۆنا) بووە، کە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی پیشانداوە، قوتابییان لەپێشدا چۆن خەباتیان دەکرد لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەستی و بەختەوەری خاک و نیشتیمان. هەروەها شانۆیی (ئەمرەکەی بەگم)یش، لە نووسینی شانۆکاری عێراقی یوسف ئەلعانی (١٩٢٧-٢٠١٦)، پێشکەشکراوە. دوای ئەم شانۆییانە، ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا، لەلایەن (تیپی مەولەوی) پێشکەشکراوە. پاشان شیعرو پەخشان خوێندراوەتەوە (فازڵ، ١٩٥٨، ل٣٥).

جگە لە ئاهەنگە هونەرییەکان، گەلێک چالاکی دیکەی ڕۆشنبیریی بوونەتە جێگەی باس و هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکانی گۆڤاری هیوا، وەک کۆنگرەی یەکێتی ئەدیبانی عێراق کە لە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٥/٧ دا لە شاری بەغدا گرێدراوە، تەنها یەک کورد بۆ دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە هەڵبژێردراوە، کە ئەویش عەبدوڵلا گۆرانی شاعیر بووە، گۆڤاری هیوا ئاماژەی بەوە داوە، کە ژمارەیەکی کەم لە ڕۆشنبیرانی کورد، ئەندامی یەکێتییەکە بوونە، تەنانەت لە کۆنگرەکەدا تەنها پێنج ئەندامی کوردی یەکێتییەکە ئامادە بوونە، کە ئەمانە بوون: جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٢-٢٠٠١)، عەبدولسەمەد خانەقا (١٩٢٧-١٩٧٧)، مارف خەزنەدار (١٩٣٠-٢٠١٠)، عیزەددین مستەفا ڕەسوول (١٩٣٤-٢٠١٩)، عوسمان خۆشناو (1926-2015). (هیوا، ژ:٩-١٠، نیسان و مایسی ١٩٥٩، ل٧٨). لە ژمارەیەکی دیکەدا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە ئامادەکردووە، ئەم کۆنگرەیە کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٩ گرێدراوە، ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی کورد تێیدا ئامادەبوونە، گەلێک ڕاسپاردە و بڕیاری گرنگی سەبارەت بوواری پەروەردە و زمان و ڕۆشنبیریی کوردی لە خۆگرتووە (هیوا، ژ:٢-٣، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانوونی دووەمی ١٩٦٠، ل٩٥-١١٦).

هەر لە بوواری ڕۆشنبیرییەوە، گۆڤاری هیوا، ناو ناوە، هەواڵی چاپەمەنییە کوردییەکانی بڵاوکردووەتەوە، وەک تازەترین ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و ئەو کتێبانەی کە لە شاری بەغدا و شارەکانی دیکە دەرچوون. وەك لەژمارەیەکدا هەواڵی دەرچوونی ڕۆژنامەکانی (خەبات)(18) لە شاری بەغدا و (ئازادی)(19) لە شاری کەرکووك و گۆڤاری (نەورۆز)(20)ی لە شاری سلێمانی و ڕۆژنامەی (ڕاستی-الحقیقة)(٢٠) لە شاری موسڵ، بڵاوکردۆتەوە. هەروەها لە بوواری چاپەمەنییشدا، لە یەکێك لە ژمارەکاندا، هەواڵی دەرچوون و کەوتنە بازاڕی چەند چاپەمەنییەکی کوردی بڵاوکردووەتەوە، ئەوانیش وەك: (فەرهەنگی جگەرخوێن) لە نووسینی شاعیر و ڕووناکبیری کورد موسا جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤)، هەروەها کتێبی (دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی- فارسی- عەرەبی) لەنووسینی عەلائەددین سوجادی و (دیاری و یادگاری) ی گۆرانی شاعیر و دیوانەکانی (ئەدەب، کوردی، دڵدار) کە لە چاپخانەی کوردستان لە شاری هەولێردا چاپکراوە (هیوا، ژ:٩-١٠، نیسان و مایسی ١٩٥٩، ل٤٩).

**7. ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1. گۆڤاری هیوا (195٧-196٣) یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییدا ڕیزی پێشەوەی گرتووە و لە گۆڤارە بایەخدارەکانی کوردستان بە گشتی و شاری بەغدا بەتایبەتی بووە، (٣٨) ژمارەی لێدەرچووە، لەلایەن یانەی سەرکەوتنی کوردان لە شاری بەغدا دەرکراوە.

2. گۆڤاری هیوا ئەگەرچی ئەدەبی و زانستی بوو، بەڵام بایەخی بەسەرجەم لایەنەکانی دیکەی وەك سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی داوە، لەم ڕووەوە وتار و هەواڵ و ڕیپۆرتاژی تایبەتی بلاوکردۆتەوە.

3. گۆڤارەکە بایەخی بەسەرجەم چالاکییە سیاسی ڕۆشنبیرییەکانی کورد داوە. تایبەتی بە چالاکییە کانی کورد لە شاری بەغدا، سەرجەم چالاکی و بزاڤ و جمووجۆڵەکانی شارەکەی لە هەموو ڕووەکانەوە بە ئامانج گرتووە، بۆیە وەك زمانحاڵی کورد لە شاری بەغدا وابووە، دیارترین ڕۆشنبیرانی بژاردەی ڕۆشنبیریی کوردستان و شاری بەغدا لێیان نووسیوە.

4. یەکێك لەو لایەنانەی گۆڤاری هیوا بایەخی پێداوە، بوواری سیاسی بووە، کە لە شێوەی وتار و هەواڵ بڵاوی کردوونەتەوە، ئەمەش بەپێی کاریگەری بابەتەکە بەسەر دوو قۆناغ دابەش دەبێت، کە بریتین لە قۆناغی پێش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٧-1958، کە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و هەلومەرجی ئەوسای عێراق، گۆڤارەکە نەیتوانیووە ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی پەیامی سیاسی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییە سیاسییەکانی تایبەت بەکورد هەبێت، بەڵام دوای شۆڕش، ئەم لایەنە زیاتر بایەخی پێدراوە.

٥. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی گۆڤاری هیوا، برەودان بە بوواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی بووە، هەربۆیە لە ناوەرۆکی ژمارەکانی گۆڤارەکەدا دەیان وتار و لێکۆڵینەوەمان لە بووارەکانی ڕۆشنبیرییدا بەرچاو دەکەوێت، ئەمە وێڕای چالاکی ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و شاری بەغدا بەتایبەت لە بووارەکانی ئەدەب و هونەر و پەروەدەدا، ئەوەی زیاتر جێگەی بایەخە هەندێك لەو چالاکییانە ڕیپۆرتاژی تایبەتیان لەسەر ئامادەکراوە و کات و ڕێکەوت و شوێن و بابەتەکانی نێو چالاکییەکەمان بە تەواوی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

٦. لایەنێکی دیکەی گۆڤاری هیوا خۆی لەو وتارانەدا دەبینێتەوە، کەوا بایەخی بە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد داوە، بەتایبەی مێژووی ناودارانی کوردی وەک میری میرنشینە کوردییەکان و زانا و کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد و بەسەرکردنەوەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان و خەباتی چەکداری و سیاسی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانییدا. لەتەک ئەوانەدا بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەکانی گۆڤارەکە و هەڵوێست وەرگرتنی بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی تایبەت بە دۆزی کوردم بوونەتە ئامانجی بایەخپێدانی گۆڤارەکە.

7. بەم پێیە گۆڤاری هیوا دەبێتە سەرچاوەیەکی بایەخداری لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، بە جۆرێك کە زۆرجار لە ڕووی پێدانی هەندێك زانیارییەوە بەتایبەت لە دەیەی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان.

**٨. پەراوێزەکان:**

(١) کاکە مەم بۆتانی: چیرۆکنووس و نووسەر، ساڵی 1939 لە شارۆچکەی کۆیە لەدایکبووە. پەیمانگای باڵای دارستانی لە شاری بەغداد تەواو کردووە (1964). هەر لە پەنجاکانەوە، هاتۆتە ناو کۆڕی نووسین و ئەدەبییات. ئێستا سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردە، لە شاری هەولێر دەژی (بابان، ٢٠٠٦، ص598).

(٢) موکەڕەم تاڵەبانی: ساڵی 1923 لە شاری کەرکووك لەدایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی هەر لەو شارە تەواو کردووە، ساڵی 1946 کۆلێژی مافی لە بەغداد تەواو کردووە، لە پارتە سیاسییە نەتەوەیی و چەپە کوردییەکاندا کاری کردووە، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز بەدواوە، گەلێك پۆستی وەك وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی پێ بەخشراوە. لە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی شاری بەغداد، ڕۆڵی گێڕاوە. ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە (بابان، ٢٠٠٦، ص827).

(٣) جەمال خەزنەدار: ساڵی 1937 لە شاری (هەولێر) لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شارەکانی هەولێر و بەغداد تەواو کردووە. ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بووارەکانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری بەغدادی پایتەختدا گێڕاوە. خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی ڕۆژنامەوانیی کوردییە، ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی (بابان، ٢٠٠٦، ص215).

(٤) شارەدێی کفری دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای لووتکەی باوەشاسوارەوە، درێژبوونەوەی ئەو زنجیرە چیایەیە کە لە کەرکوکەوە دەست پێ دەکات و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای کەرکووکە (بەرزنجی، ١٩٥٨، ل٥).

(٥) خورماڵ شارۆچکەیەکی باشووری کوردستانە، سەر بە پارێزگای هەڵەبجە دایە و لە (٧٠) کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی دایە. خورماڵ ناوەندی ناحیەی خورماڵە و لە دەشتی شارەزوور و نزیک بە ناوچەی هەورامان دایە (هەورامی، ١٩٥٨، ل٥).

(٦) شەقڵاوە ناوەندی قەزای شەقڵاوەیە و لە سەردەمی دەستەڵاتی عوسمانییەکان کراوە بە ناحیە، سەر بە پارێزگای هەولێرە و کەوتووەتە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی هەولێر و ٥٠ کم لێیەوە دوورە، زۆربەی دانیشتووانەکەی لە هۆزی خۆشناون، پێکهاتەی خەڵکەکەی موسڵمان و مەسیحین (مەولود، ١٩٥٨، ل٤).

(٧) شۆڕشی ڕووسیا یان شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەو زنجیرە شۆڕشە، دژی ئیمپراتۆری ڕژێمی قەیسەریی ڕووسیا دەگووترێت. کە لە ئەنجامدا سیستەمی وڵاتەکەی گۆڕی و بۆ سیستەمێکی کۆمۆنیزم و لە ئەنجامدا سنوورەکانی ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەرداهات و فراوان بوو و دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤییەتی لەسەر بنیادنرا یەکەم زنجیرەی شۆڕشەکە لە شوباتی ١٩١٧ بوو وە دووەمیش لە تشرینی یەکەم یان ئۆکتۆبەر بە ڕێبەرایەتی لینین و ترۆتسکی بوو لەهەمان ساڵدا (نەوار و نەعنەعی، ٢٠١٩، ل٤٦٨-٤٨٣).

(٨) ساڵی ١٩٣٠ ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بووە. لە شاری یەریڤان لە ئەرمینیا، بە زمانی کوردی و بە پیتی لاتینی بڵاوکرایەوە (خەزنەدار، ١٩٧٣، ل٣٥).

(٩) مەبەست لە مەلیک فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێنە (١٨٨٣-١٩٣٣) یەکەم پاشای عێراق.

(١٠) ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ بۆ یەکەمجار گەلی کورد لە ڕێی چالاکی مەدەنییەوە داواکارییە نەتەوەییەکانی بە ئینگلیزەکان گەیاند و مێژوونووسانیش ئەو ڕۆژە بە یەکەم خۆپیشاندانی مەدەنی ئەم پارچەیەی کوردستان دادەنێن. هەر لەو ڕۆژەدا، خۆپیشاندانە مەدەنییەکەی شاری سلێمانی سەرکووت کرا و چەندین کوژراوو بریندار لێکەوتەوە و دەیان کەسیش دەستگیرکران (شوانی، ٢٠٠٢، ل٢٣٩).

(١١) کۆمەڵەی گەلان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بوو، ساڵی ١٩٢٠ و لە ئاکامی بڕیارەکانی پەیمانی ڤێرسای دامەزرا و ساڵی ١٩٤٦ هەڵوەشایەوە. کۆمەڵەکە ٥٨ ئەندامی هەبوو، بە ئامانجەکانی: چەکداماڵینی جیهانی، بەرگری لە پێشهاتنی شەڕ، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامان لە ڕێگەی وتوێژ و دیپلۆماسی و هەروەها باشترکردنی باری ژیان لە ئاستی جیهانییدا دامەزرا (نەوار و نەعنەعی، ٢٠١٩، ل٤٤٩).

(١٢) ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (الثورة)، لە ڕێکەوتی ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ دا، لەلایەن (یونس الطائي)یەوە، دەرچووە. تاکو کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. لەسەرەتادا، ڕۆژنامەکە پشتگیری بیروڕای شیوعییەکانی کردووە. بەڵام لە نیسانی ساڵی ١٩٥٩ هوە، سیاسەتی ڕۆژنامەکە، بە ئاراستەی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیران کاری کردووە (شکر، ٢٠١٠، ص٢٩٥-٢٩٦).

(١٣) ڕۆژنامەی (الاحد)، ساڵی ١٩٥٠ لە وڵاتی لووبنان دەرچووە.

(١٤) دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوونووسی ناسراوی کورد، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی ئاغجەلەری سەربە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری مێژوودا لە یەکێتیی سۆڤیەت وەردەگرێت. خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوە و کتێبی مێژووییە لەسەر کوردستان و کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری مێژوودا لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراقدا کردووە (بابان، ٢٠٠٦، ٦٤٠).

(١٥) (کۆمەڵەی ئاوازی کوردی) بە عەرەبییەکەی (جمعية الانغام الكردية)، لە ڕێکەوتی (١٩٥٧/٦/٢٦) دا، مۆڵەتی کارکردنی لە وەزارەتی ناوخۆدا، وەرگرتووە. هونەرمەند شەماڵ سائیب، کە ئەوکاتە کارمەندی ڕادیۆی کوردیی بەغداد بوو، ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی کۆمەڵەکەدا، گێڕاوە (نەجاڕ، ٢٠١٩، ١١٧).

(١٦) ئەم تیپە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی دامەزراوە. ساڵی ١٩٥٧ بە فەرمی ڕێگای کارکردنی پێدراوە (هێمن، ١٩٥٨، ل٦٨).

(١٧) یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بوو، لە ڕێکەوتی (چواری نیسانی ساڵی ١٩٥٩) دا بڵاوکراوەتەوە. دوا ژمارەی ڕۆژنامەکەش لەو قۆناغەدا کە ژمارە (٤٦٢) بوو (جباری، ١٩٧٥، ص٥٥-٥٦).

(١٨) ڕۆژنامەی (ئازادی) ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە. ژمارەکانی (١-١٣)ی لە شاری کەرکووکدا دەرچووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئاڵۆزی دۆخی سیاسی کەرکووك گواستراوەتەوە بۆ شاری بەغداد لە ژمارە (١٤)یەوە بەردەوام بووە. هەمووی (١٥٦) ژمارەی لێ دەرچووە (المالح، ٢٠٠٨، ص١٥).

(١٩) نەورۆز یان مەشخەڵی نەورۆز ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، زانیاریی و کۆمەڵایەتی بوو، بە شێوەی هەفتانە لە شاری سلێمانی دەرچووە. کەمال میرزا کەریم خاوەن و لێپرسراوی بووە، ڕۆژنامەکە (١٩) ژمارەی لێدەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٩دەرچووە و ژمارەی کۆتاییشی لە مایسی ١٩٦٠دا دەرچووە (مەجید، ٢٠١٣، ل١٩٣).

(٢٠) ڕاستی: ساڵی ١٩٥٩، هەریەك لە جەرجیس فەتحووڵڵا (١٩٢١-٢٠٠٦) و ئەنوەر مایی (١٩١٣-١٩٦٣) لە شاری موسڵ دەریانکردووە، کە بەشە کوردییەکەی بە شێوەزاری کرمانجی سەروو بووە (البوتاني، ١٩٩٨).

## 9. لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم- کارنامە زانستیەکان :**

-نەجاڕ، هۆشەنگ ساڵح محەمەد شەریف، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغدا ١٩٥٨-١٩٧٥/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١٩.

**دووەم – سەرچاوەكان:**

**أ- بەزمانی كوردی :**

- ئەلمەلاح، هاشم یەحیا (دكتۆر)، فەلسەفەی مێژوو، و: دەوەن حەسەن، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی كوردی، دار الحرية، بەغداد، 1973.
- حوسێن، هیمدادی (دكتۆر)، گۆڤاری هیوا 1957-1963، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.
- دیشنەر، گوینتەر (دكتۆر)، كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێكراو، چ٢، و: حەمە كەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
- ساڵح، ئازاد عوبێد (دكتۆر)، ڕۆڵی سیاسی و كارگێڕی و ڕووناكبیریی مەعرووف جیاووك (1885-1958)، بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، 2012.
- شوانی، ئاكۆ عەبدولكەریم، شاری سلێمانی 1918-1932، چ1، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002.
- گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم (دكتۆر)، پوختەی فەلسەفەی مێژوو، دەزگای تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٩.
- مەجید، هەوراز جەوهەر، شاری سلێمانی 14 تەممووز 1958-17 تەممووز 1968، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، 2012.
- ناسراو، مارف، یادكردنەوەی ئەستێرە گەشاوەكانی ئەدەب و هونەر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2002.
- نەوار، عەبدولعەزیز (دكتۆر) و نەعنەعی، عەبدولمەجید(دكتۆر)، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، و: خالید هەركی، ب.ش، ٢٠١٩.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

-بابان، جمال، اعلام كرد العراق، مطبعة شڤان، سليمانية، 2006.

-البوتاني، عبدالفتاح علي (الدكتور)، جريدة الحقيقة-ڕاستی أول جريدة عربية كوردية في مدينة الموصل/دراسه وتوثيق، مطبعة خەبات، دهوك، 1998.

- جباري، جبار، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، العراق، مطبعة الامة، بغداد، 1975.

- رؤوف، عماد عبدالسلام (الدكتور)، محمد سعيدالزهاوي-مفتي بغداد (1851-1921)، الجمعية الثقافية التاريخية لكردستان، اربيل، 2009.

- شكر، مليح صالح (الدكتور)، تاريخ الصحافة العراقية في العهدين الجمهوري والملكي 1932-1967، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2010.

-المالح، سعدي، الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقي 1944-1972، مطبعة هێڤی، أربيل، 2008.

**سێیەم: وتار و بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان:**

-ئەبدال، ئەمینی، ژیان و زانستی كوردەكانی ئەرمینیای سۆڤییەتی، "هیوا"، ژ:٣٢، نیسانی١٩٦١.

-بەرزنجی، هاشم، مێژووی شاری كفری، "هیوا"، ژ:٨، شوباتی ١٩٥٨.

-تاڵەبانی، حەمە غەریب، لە كەركووكەوە، "هیوا"، ژ:٦، كانوونی یەكەمی ١٩٥٧.

-خواجە، ئەحمەد، مێژووی لام باش نیەی سلێمانی تا شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، "هیوا"، ژ:٦-٧، كانوونی دووەمی١٩٥٩.

-زازا، نوورەددین، هەواڵی نەتەوەكەت بزانە، "هیوا"، ژ:٣٧، تشرینی یەكەمی ١٩٦٣.

-شارەزا، كەریم، بیرەوەری حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی، "هیوا"، ژ: ١١، مایسی ١٩٥٨.

-غەفوور، ئەحمەد، شۆڕشی ئۆكتۆبەر و مەسەلەی كورد، "هیوا"، ژ:٥، یشرینی دووەمی ١٩٥٨.

-فازل، ئاهەنگەكەی كۆمەڵی ئاوازی كوردی، "هیوا"، ژ: ١١، مایسی ١٩٥٨.

- ----، ئاهەنگەكەی یەكێتی قوتابیانی گشتی عێراق، "هیوا"، ژ: ٥، تشرینی دووەمی ١٩٥٨.

-مەولود، محەمەد، شەقڵاوە بوكی خێزانێكی هەژارە، "هیوا"، ژ: ١١، مایسی ١٩٥٨.

-نەبەز، جەمال، خەباتی كورد، "هیوا"، ژ: ٦-٧، كانوونی دووەمی ١٩٥٩.

-هەورامی، ڕەشید، خورماڵ، "هیوا"، ژ: ١٠، نیسانی ١٩٥٨.

-هێمن، ئاهەنگەكەی تیپی مەولەوی، "هیوا"، ژ:١، تەممووزی ١٩٥٨.

**چوارەم- گۆڤار و ڕۆژنامەكان:**

-"هیوا"(گۆڤار)، بەغداد، ژ(6)، ساڵی1، كانونی یەكەم 1957؛ ژ(2)، ساڵی2، ئابی 1958؛ ژ(3)، ئەیلوولی1958؛ ژ(4)، تشرینی یەكەمی 1958؛ ژ(7)، ساڵی1، كانوونی دووەمی1958؛ ژ(8)، ساڵی1، شوباتی1958؛ ژ(10)، نیسانی 1958؛ ژ(1)، ساڵی 3، تشرینی

دووەمی 1959؛ ژ(2-3)، ساڵی3، کانوونی یەکەمی 1959؛ ژ(6-7)، کانوونی دووەمی 1959؛ ژ(8)، ساڵی2، مارتی1959؛ ژ(6-7)، ساڵی 2، کانوونی دووەمی 1959؛ ژ(9-10)، نیسان و مایسی1959؛ ژ(11-12)، حوزەیران و تەممووزی 1959؛ ژ(2-3)، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانوونی دووەمی1960؛ ژ(4)، ئاداری 1960؛ ژ(5)، ساڵی4، مایسی 1960؛ ژ(32)، ساڵی4، نیسانی 1960؛ ژ(30)، تشرینی یەکەم1960؛ ژ(31)، کانوونی دووەمی 1961؛ ژ(32)، نیسانی 1961؛ ژ(33)، ساڵی5، تەممووزی 1961؛ ژ(34)، ئەیلوولی 1961؛ ژ(35)، (ژمارەی تایبەت بە نەورۆز)، 1962؛ ژ(36)، حوزەیران و تەممووزی1962.

- خەبات، ژ:١٢٣، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩.

**چاوپێکەوتنەکان:**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق محەمەد ساڵح-بیمار (2017/7/13) لە شارۆچکەی کۆیە. ساڵی 1936 لە کۆیە لەدایکبووە. دەرچووی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدادە (1963). هەرلە پەنجاکانەوە، هاتۆتە ناو بوواری نووسین و ئەدەب و شانۆ. لە یانەی سەرکەوتنی کوردان و ئێستگەی کوردی و بەشێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان

- چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر و نووسەر کامیل ژیر (2017/4/23) لە شاری سلێمانی. ساڵی 1934 لە شاری سلێمانی دایك بووە. دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدادە (1966)، هەر لە پەنجاکانەوە، هاتۆتە ناو بوواری نووسین و لە شاری بەغداد لە بوواری ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە.

## دور مجلة هيوا في كتابة تأريخ الكورد الحديث والمعاصر(1957-1963)

**هوشنگ صالح نجار** **فتاح بهرام خضر**

قسم التاريخ - كلية الاداب- جامعة صلاح الدين/ اربيل

hoshang.muhammad@su.edu.krd fatah.khdir@su.edu.krd

**ملخص**

هيوا مجلة ادبية، ثقافية، شهرية، كانت تصدر في مدينة بغداد، من قبل "يانەی سەرکەوتنی کوردان-نادي الارتقاء الكردي". وقد صدر العدد في شهر تموز 1957، استمرت حتى عام 1963. حيث تمكنت من اصدار العدد (38) والاخير الذي يصادف شهر شباط عام 1963 ثم احتجبت عن الصدور. و كانت يهتم بنشر البحوث التاريخية والأخبار حول المجالات المختلفة مثل الاجتماعية والاقتصادية والسياسية والثقافية في مدينة بغداد وكردستان، بالإضافة إلى القصائد والمقالات المختلفة. يتكون هذا البحث من مدخل و أربعة فصول. الفصل الأول يهتم بحياة الشخصيات الكردية ودورهما في الحياة السياسية والثقافية في كردستان. الفصل الثاني يهتم بالمدن والقرى الكردية ويتحدث عن دورهما في التاريخ الكردي الحديث والمعاصر ، الفصل الثالث يناقش عن الحركة النضال الكردي بهدف تحقيق أهدافها الوطنية، والفصل الرابع يهتم بأهم نشاطات السياسية والثقافية الكردية في مدينة بغداد و كردستان بين عامي 1957-1963.

مفتاح الكليمة: مجلة هيوا، بغداد، تاريخ، السياسى، الثقافى.

**The Role of Hewa Magazine in writing the modern and contemporary history of the Kurds(1957-1963)**

**Hoshang Salh Najir** **Fatah Bahram khdir**

Department of History - College of Arts / Salahaddin University-Erbil

hoshang.muhammad@su.edu.krd fatah.khdir@su.edu.krd

**Abstract**

"Hiwa magazine", it's a monthly cultural Kurdishnewspaper, issued in Baghdad city. Published by "yaney serkewtny kwrdan". The first copy issued in july 1957, continued until 1963. 38 copies were issued withen six years. It is a pamphletpublishing historic researchs, news about different fields such as social, economy, political and cultural in Baghdad city and kurdistan, addition to poems and various articles. This research consists of an enterance and four chapters. Chapter one Interested in the life of Kurdish celebrities and personalities and their role in the political and cultural life in Kurdistan. Chapter two He is interested in Kurdish cities and villages and talks about their role in modern and contemporary Kurdish history.Chapter Three discusses about Kurdish struggle movement with the aim of achieving their national goals.Chapter Four Interested in the most important political and cultural activities in the city of Baghdad and Kurdistan between the years 1957-1963.

**Key word:** Hiwa Magazine, Baghdad, History, Politics and Culture